سەرکی هەرەمی کوردستان لە یادی ئەنفالی هەڵەبجە پەیامەکی بەاوکردەوە

نەچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان لە یادی ئەنفالی هەڵەبجە نووسیویەتی: "لە 36هەمین ساڵیادی مەرگەسات و تاوانی سامناکی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، سەری ڕێز نەوازش بە گیانی پاکی زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین، بە ڕێز و شکۆداریەوە یادیان دەکەینەوە، سڵاو بە خێزان و کەسوکاریان و بە هەموو ئەو قوربانییانە دەنێرین کە هێشتا بە شوێنەوار و پاشماوە و نەخشیەکانی ئەو تاوانەوە، دەناڵێنن".

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەك تاوان و جینۆساید و ئەنفال و زیندەبەچاڵکردن کە زۆر دێندانە دەرهەق بە گەلی ستەملێکراوی ئاشتیخواز و ژیاندۆست و مرۆڤپەروەری کوردستان کراوە، تەنیا گوناهیشی ئەوە بووە لە وڵاتی خێدا داوای ماف و ژیان و ئازادی و شکۆمەندی کردووە. ئەگەر هیچ دادپەروەرییەك هەبوایە، تەنیا جینۆسایدی هەڵەبجە بەس بوو بە ئەوەی هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، بناسرێن.

بارزانی لە پەیامەکێیدا نوسیویەتیش، لەم یادەدا جەخت دەکەینەوە کە دەبێ هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان و تەواوی قوربانییانی جینۆساید و ئەنفال و تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو لە

هەڕەمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە قەرەبوو بکرێنەوە، لە هەموو بوارەکانیشدا باشترین خزمەت بکرێن، بە ئەمە پێویستە حکوومەتی عێراق هەموو ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان و دادپەروەری بە قوربانییان جێبەجێ بکات، لەسەر ئاستی جیهانیش دەبێ کار بکرێت بە ئەوەی هەرگیز ڕێگە نەدرێت تاوان و کێمەکوژیی ئاوا لە هیچ شوێنێك دووبارە ببنەوە.

دەستکەوتەکان و قەوارەی سیاسی و دەستووریی فیدراڵیی هەرەمی کوردستان، بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی گەلی کوردستانن بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بۆیە ئێستاش ئەرکی هەمووانە بە یەکێیزی و تەبایی بیانپارێزن و گیانی شەهیدان و دڵی خێزان و کەسوکاریان شاد بکەن، تا پێکەوە بەرەو داهاتوویەکی باشتر و ئارام و پارێزراو هەنگاو بنێین